


ئارام سدیق

# بێگانەبوونی پەناهەندە
# چەند سەرنجێک لەسەر "وڵاتێکی نوێ لە دەرەوەی پەنجەرەکەمدا"

## سەرەتا

ئەگەر سەرەتا لەو پرسیارەوە دەست پێ بکەین مرۆڤ بۆ رۆمان دەخوێنێتەوە؟ رەنگە لای هەر کەسێک وەڵامێکی جیاوازمان دەست بکەوێت، بەڵام بەگشتی بەشێکی زۆری خوێنەران رۆمان بۆ ئەوە دەخوێننەوە لە حیکایەتی مرۆڤەکانی تر ئاگەدار بن. یان بە رووداوی نوێ و ئەزموونی ژیانی تر ئاشنا بن. خوێندنەوەی هەر دەقێک لای من چەند بۆ ئەوەیە کە ئەزموونی نوێی لێوە فێر بم ئەوەندەش بۆ چێژوەرگرتنە لەو ساتانەی لەگەڵ ئەو دەقەدا دەیگوزەرێنم. من هەرگیز ناتوانم دەقێک بخوێنمەوە کە خۆشم نەوێت و هەر لە ناوونیشان و دەستپێکەوە سەرنجم رانەکێشێت. بۆیە زۆر رۆمان لە کتێبخانەکەمدا زیاتر لە ١٠ ساڵە دانراون و تا ئێستاش نەخوێنراونەتەوە، نەک لەبەرئەوەی کە کاتم بۆ تەرخان نەکردوون، بەڵکو لەبەرئەوەی ناوونیشان و دەسپێکەکانیان نەیانتوانیوە سەرنجم رابکێشن و دڵنیاشم کە رەنگە هەرگیز نەتوانم بیانخوێنمەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین رۆمان هەن هەر ئەو رۆژەی کە دەستم کەوتوون دەستم بە خوێندنەوەیان کردووە و هەر زوو تەواو بووە و لە کاتی

تەواوبوونی بەشێکیشیاندا ئومێدم ئەوەبووە کە زوو تەواو نەبووایە، یان بەردەوامی هەربووایە. رۆمانی "ولاتێکی نوێ لە دەرەوەی پەنجەرەکەمدا" لەو رۆمانانە بوو کە لەگەڵ کڕینیدا دەستم بە خوێندنەوەی کرد و لە چەند کاتژمێرێکدا تەواوم کرد. بەڵام ئەو چەند کاتژمێرە زۆرترین چێژم لەو تێکستە وەرگرت، چێژێک کە تەنیا تێکستە جوانەکان دەتوانن بیبەخشنە خوێنەر. لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەم لەسەر چەند لایەنێکی ئەم رۆمانە بوەستم.

## لەبارەی ناوەڕۆکی تێکستەکەوە

رۆمانی "ولاتێکی نوێ لە دەرەوەی پەنجەرەکەمدا" رۆمانێکی "تیۆدۆر کەلیفەتیدس"ە کە بە زمانی سویدی نووسیویەتی. ئەم نووسەرە بەرەگەز یۆنانییە و بەڵام هەر لە تەمەنی "٢٦" ساڵییەوە چووەتە سوید و بەرهەمەکانی بەسویدی بڵاو کردووەتەوە. ئەم رۆمانەی لەلایەن "بەیان ناسیح"ەوە کراوە بە کوردی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم چاپی کردووە. رۆمانەکە باس لە پیاوێ دەکات کە لە ولاتێکی تردا دەژی وەک پەناهەندەیەک هەست بە زۆر کەموکووڕی دەکات کە رۆژانە هەم بەهۆی نەزانینی زمانەوە رووبەرووی دەبێتەوە هەم بەوەی کە ئەو روانگەیەکی بۆ ئەو ولاتە هەبووە کە ئێستا تێیدا دەژی، کەچی زۆر جار ئەو روانگەیە وا نییە، بەڵام ناچارە خۆی لەگەڵ ئەو روانگەیەدا رابهێنێت کە لەسەر ئەو ولاتە هەیبووە.

ناوەڕۆکی تێکستەکە پێک هاتووە لەو ئاستەنگ و گرژییە دەروونییانەی کە تووشی مرۆڤی پەناهەندە دەبێت و هیچ رووداوێکی سەرنجڕاکێشی تێدا نییە، بەڵام بۆچوون و روانگەی جوان و سەرنجڕاکێشی تێدایە لەمەڕ پەناهەندەبوون و ئاشنابوون بە زمانی بێگانە و نووسەر لەبارەی فێربوونی زمانێکی ترەوە بێجگە لە زمانی دایک دەنووسێت: فێربوونی زمانێکی نوێ وەک سەفەرێکی درێژ بۆ ناو روانگەی هەست و نەستێکی تر وایە، بەرەو ژیان و جیهانێکی تر. بێگومان زمان ئامرازێکی گرینگە هەم بۆ گوزارشتکردن لەخۆ و هەم بۆ بیرکردنەوە، بۆیە نووسەر لەم رۆمانەیدا زۆر باسی لە گرینگی ئەم رەگەزە کردووە، چونکە بەبێ زانینی زمانی ئەو ولاتەی لێی پەناهەندەن ناتوانن هەم گوزارشت لە خۆیان بکەن و بیرکردنەوەکانیان بە بەرامبەر بگەیەنن. هەم وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە کە رووبەروویان دەکرێتەوە. بۆیە نووسەر ئەزموونی ژیانی پەناهەندەیەکی کردووەتە هەوێنی هەموو تێکستەکە و هەوڵی داوە بەزۆر لایەنەکانی ئەو بوونەوەرەدا رۆبچێت کە مرۆڤی پەناهەندەیە.

## له نێوان بایۆگرافیا و به رۆمانکردندا

ئەم تێکستەی "تیۆدۆر کەلیفەتیدس" بەم رستەیە دەست پێ دەکات. "باران دەبارێ، بارانێکی هێمن، بەڵام دڵۆپەکانی گەورە. بە ڕێگەوە بووم بەرەو کارەکەم دەڕۆیشتم". ئەم دەسپێکە خوێنەر کەمەندکێش دەکات و دەکرێت هەر لەم چەند رستەیەوە زۆر شت بخوێنینەوە هەست بەو هەستە بکەین کە لەو سەرەتایەوە باڵ بەسەر تێکستەکەدا دەکێشێت. ئەم رۆمانە رۆمانێکی تاک دەنگییە و زیاتر لەوەی بە رۆمان بچێت لە بایۆگرافیای ژیانی پەناهەندەیەک دەچێت. بێگومان پەناهەندەیەکی ئاسایی نا، بەڵکو پەناهەندەیەک کە مرۆڤێکی هەستیارە و رووداوەکانی دەوروبەر زوو کاری تێ دەکەن و هەر جووڵە و وشەیەک کە رووبەرووی دەکرێتەوە، دەبێتە هەوێنی بیرکردنەوەیەکی قووڵ.

فێربوونی زمانێکی نوێ وەک سەفەرێکی درێژ بۆ ناو روانگەی هەست و نەستێکی تر وایە، بەرەو ژیان و جیهانێکی تر

یەکێک لەو خاڵانەی کە بە رۆمانبوونی ئەم تێکستە کاڵ دەکاتەوە ئەوەیە کە رووداو ئامادەییەکی دیاری نییە، بێگومان من لەگەڵ ئەوەدا نیم، کە دەقی ئەدەبی بەپێی پێوەرە کلاسیکییەکان پۆلێن بکرێت، بەڵکو ئەگەر یەکێک لە کۆڵەکەکانی بە رۆمانبوونی دەق رووداو بێت، کە من بڕوای تەواوم بەمە هەیە ئەوا ئەم رۆمانە لەو کۆڵەکەیە بێ بەشە. ئەم تێکستە لەگەڵ ئەو هەموو جوانی و زمانە پڕ لە وەسف و رستە پڕ لە تەلیسمانەدا نەیتوانیوە لە تاکدەنگی رزگار بێتو بەرگی بەرۆمانبوون بپۆشێت. ئەگەر سەیری رۆمانی "باخچە"ی مارگرێت دۆراس بکەین کە یەکێکە لەو رۆمانانەی کە دوو کەس لە سەرەتاوە تا کۆتایی لە نێو باخچەیەکدا قسە دەکەن دەبینین، بەفلاش باک چەندین رووداو لەو رۆمانەدا خراوەتە روو، لە کاتێکدا ئەو شتانەی لەم رۆمانەدا

ئەم رۆمانە رۆمانێکی تاک دەنگییە و زیاتر لەوەی بە رۆمان بچێت لە بایۆگرافیای ژیانی پەناهەندەیەک دەچێت

خراونەتە روو رووداوی ئاسـایین و وەک ئەوەی دۆراس کاریگەری لەسـەر خوێنەر دروست ناکەن. بۆیە رەنگە دروستتربێت ئەم تێکستـە ناوبنرێت بایۆگرافیـای پەناهەندەیەک، یان تێکستێکی پەخشـانی، نەک رۆمـان. بێگومـان بە رەچاوکردنی ئەوەی کە خـوێندنەوەی ئەم کتێبـە هەم سـوودێکی زۆری هەیە و بۆچوونگەلێکی زۆر جـوان و سـەرنجڕاکێشی لەمـەڕ پرسی پەناهەندەیی و ئاستەنگەکانی تێدایە.

## بێگانەبوونی پەناهەندە

ئایا پەناهەندە بێگانەیە بەو وڵاتەی کە هانای بۆ بردووە و دەیان ساڵ تێیدا دەمێنێتەوە؟ یان ئایا تاکەی وەک بێگانە تەماشا دەکرێت؟ ئەمە ئەو پرسیـارەیە کە ئێمـە لەم رۆمـانەدا بەدوای وەڵامـەکـەیدا دەگەڕێین. پاڵەوانی ئەم تێکسـتـە کەسـێکە کە لە یۆنانـەوە هاتووە بۆ سوید و ماوەیەکی زۆر لە سوید دەژی. ئەگەرچی ئەو دڵنیایە کە پەناهەندەیە، بەڵام نایەوێت وەک پەناهـەندە سـەیر بکرێت لە شـوێنێکدا پاڵەوانەکـە دەڵێت: من تەنیـا چاوەڕوانی یەک پاداشت بووم ئەویش ئەوەبوو کە وەک سـویدی چاوم لێ بکرێ. تەنیـا شـتێ کە چاوەڕوانی بووم ئەوەبوو کە بەبێگانە سەیر نەکرێم، ئەو مافە رەوایە بەدەست بهێنم لەم شوێنەدا بم کە لێیم.

لە شــوێنێکـی تردا پاڵەوانەکــە ئەوە دەخـاتـە روو کــە ئەو چەندین ســاڵە لەو وڵاتـەیە "مـەبەستی سـویدە" و ژنی لەوێ هێناوە و منداڵی لەوێ بووە کەچـی هەر بە بێگانەی دەزانن پاڵەوانەکـە لەوپەڕی هەست بەغـەریبییـەوە دەنووسێت: منداڵەکانم لێرە لە دایک بوونە و لێـرەش گـەورەبوون، دایکیـشـیـان سـویدییـە، کـەچی بە منداڵی پەناهەندە ناو دەبران و دەبووایە زمانی زگماکی بخوێنن، کە تایبەت بوو بە منداڵی بێگانە لەم وڵاتە.

لە کۆی ئەم بۆچوونانەدا دەکرێت ئەوە بخـوێنینـەوە کە مـرۆڤی پەناهەندە تـا ئەوکاتە لەو وڵاتەدا بێت کـە هانـای بـۆ بردووە و داڵدەی دراوە هـەر بێگانەبوون بەناسنامـەکەیەوە دیارە، بۆیە لێرەوە قەیرانی ناسنامـە سەرهەڵدەدات. ئەو منداڵانەی لەم تێکستـەدا دەردەکەون خـۆ ئەو زمانەی پێشتری باوکیان نازانن، بەڵام بەپێی یاسا دەبێت ئەو زمانە زگماکییە بخوێنن کـە باوکیـان هەیبـووە. بۆیە گەڕانەوەی ناسنامـە یان بـەخشینـەوە ناسنامـە دیسـان لە رێی زمـانەوە جـارێکی تر لـەگەڵ نەوەی مـرۆڤی پەناهەندەدا سـەرهەڵدەداتەوە. لە بەردەم مـرۆڤی پەناهەندەدا دوو خاڵ هەیە ناسنامـەی پێ دەبەخشنەوە، یەکەمیـان ئەوەیە کە تا لە و وڵاتەدا بێت ئەو وەک بێگانـەیەک سەیر دەکرێت و نەوەکانی وەک ناچار دەکرێن ئەو زمـانە بخـوێنن

کە زمانی باوکیانە و رەنگە ئەوان هەر حەزیشی پێ نەکەن، کە ئەمەش بۆیان دەبێتە ناسنامەیەک، هاوکات ئەو خاڵی دووەمیش ئەوەیە کە تاک ناچار دەبێت بەدوای شوناسی خۆیدا بگەڕێت و زیاتر سیماکانی تۆخ بکاتەوە و هەندێک خاڵی لە ژیانی ڕۆژانەیدا ڕەنگدانەوەی هەبێت. پاڵەوانی ئەم تێکستە لەبارەی هۆکاری سەفەرکردنەکەیەوە ئەوە دەخاتە روو کە بەختیاری خاڵی دەستپێکردن و هۆی ئەم سەفەرەم نەبوو. لە باشترین باردا لەوانەیە ئەنجامەکەی خۆشی بێت، بەڵام مەرجیش نییە وابێت. گرینگترین شت ئەوە نییە بەبەختیاری بمرین، بەڵکو ئەوەیە وەک مرۆڤێکی چاک بمرین.

دەکرێت لێرەدا ئەو پرسیارە بکەین، ئایا هەموو ئەوانەی کە سەفەر دەکەن بۆ ئەوە سەفەردەکەن بە بەختیاری بگەن، یان لە هەوڵی دۆزینەوە و کەشفکردنی ژینگەیەکی باشتردان، بۆ ئەوەی وەک مرۆڤێکی چاک ژیان بگوزەرێنن و بەدوا ویستگە بگەن کە مردنە. بێگومان هەردوو حاڵەتەکە لە سەفەرکردنی مرۆڤەکاندا ڕەنگدانەوەی هەیە، بەڵام ئەوەی هەستی پێ دەکرێت گەڕان بەدوای بەختیاریدا زیاترە لە گەڕانم بەدوای باشتر ژیاندا. کە پاڵەوانی ئەم تێکستە دەیەوێت جۆری دووەمیان هەڵبژێرێت و قبووڵی بێگانەبوونی خۆی دەکات لە پێناو ئەوەی وەک مرۆڤێکی چاک بمرێت.

## لەبری کۆتایی

ئەم تێکستە زۆر شتی تری لەخۆ گرتووە، کە دەکرێت هەر خوێنەرەو بەدوای هەندێک لەو شتانەدا بگەڕێت و چێژیان لێ وەربگرێت، نووسەر هەموو ڕۆمانەکەی بۆ خەمەکانی پەناهەندە تەرخان نەکردووە، بەڵکو پرسی عەشق و خۆشویستنی نێوان مرۆڤەکانیش بەشێکی تری ڕۆمانەکە پێک دێنێت کە ئێمە لێرەدا نەمان ویستووە لێی بدوێین. بەڵام بەگشتی ئەم تێکستە بەرلەوەی ڕۆمان بێت، یان ناسنامەی ڕۆمانی هەبێت تێکستێکی جوانە، کەمترە دەکرێت وەک ڕۆمان سەیر بکرێت، بەڵام زمانی ئاسان و قووڵی چێژێکی پڕ لە تەلیسم بە خوێنەر دەبەخشێت و لەسەر چەندین ویستگەی فیکری و فەلسەفی رای دەگرێت و خوێنەر پاش خوێندنەوەی ناتوانێ زوو فەرامۆشی بکات.

* تیۆدۆر کەلیفەتیدس، وڵاتێکی نوێ لە دەرەوەی پەنجەرەکەمدا – ڕۆمان، وەرگێڕانی لە سویدییەوە: بەیان ناسیح، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – سلێمانی ٢٠٠٩